



■ ڕۆژی ٢٠١١/١٢/٢٢ خانمە هونەرمەندی لوبنانی نانسی عەجرەم لە سەردانێکی کورتدا کە کەمتر لە ٢٤ کاتژمێری خایاند سەردانی شـــاری هەولێری کرد و ئاهەنگێکی چەند کاتژمێری بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە ساز کرد، وەك هاوڕێ و هاوکاری نانســـی هەر لە فڕۆکەوە تاکو گەڕانەوەی هەســـتم بەوە دەکرد کە زۆر دڵخۆشـــە بـــەوەی بۆ یەکەم جـــار لە ڕێگای هەولێرەوە ســـەردانی عێراق دەکات، بۆیە لە دەرفەتێکدا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکمان کردەوە. ■

دیمانە:عومەر هادی






## نانسی عەجرەم بۆ گوڵان:

# ئەوەی دەربارەی ئەم وڵاتە بینیم زۆر جوانتر بوو لەوەی بیستبووم

*** یەکەمین جارە دێیتە عێراق و هەرێمی کوردســتان و لەهەولێری پایتەخت دایت، هەست بەچی دەکەیت کە یەکەمجارە لەو شوێنەیت؟**

-زۆر بەو ســەردانەم خۆشحاڵم و هەمیشە خەونم بەوە دەبینی بێمە ئەم وڵاتە و لەنێو خۆشەویســتانی خۆم لە عێراق ئاهەنگ بگێڕم، من زۆر شتم لەسەر ئەم وڵاتە بیستبوو، بەڵام ئەوەی بینیم زۆر جوانتر بوو.

*** لەبارەی عێراقەوە چیت پێ گوترابوو؟**

-عێــراق وڵاتی هەزراویەك شــەوەیەو منیش زۆر شــتی جوانــم لەبارەی ئــەم وڵاتەوە بیســتووەو دواتر من خۆم بەیەکێك لە خۆشەویســتانی دەنگی گۆرانیبێژی گەورە قەیســەری گۆرانی کازم ســاهر دادەنێم و پێوەندییەکی باشم لەگەڵیدا هەیە.

*** سەردانەکەت کورت و بۆ یەك ڕۆژ بوو، لەبەرچی زیاتر نەمایەوە؟**

-بەڕاستی خشتەی کارەکانم زۆر پڕەو کارەکانم لەو ماوەیەدا زۆرن، ئەمانەش ڕێگربــوون لەبەردەم مانەوەی زیاترم لێرە، ئەگینا پێمخۆشــە جارێکی دیکە بگەڕێمەوە.

*** ئەمشەو لەگەڵ خۆشەویســتانت لەعێراق بەیەك دەگەن چییان پێشکەش دەکەی ئایا گۆرانیی عێراقی دەڵێی؟**

بەداخەوە ئەمشەو هیچ گۆرانییەکی عێراقی پێشکەش ناکەم، بەڵام خۆم بۆ گۆرانیی عێراقــی و کاری زیاتری عێراقی ئامادە دەکەم و لەبەرنامەمدایە چەندین گۆرانیی دیکەی کۆنیش جارێکی دیکە تۆمار بکەمەوە.

*** لەبەرنامەتدایە بەعێراقی گۆرانی بڵێی؟**

-بێگومان پڕۆژەیەکی وام هەیە بەهاوکاری لەگەڵ شــاعیر کەریم عێراقی و جارێ قسەی لەسەر ناکەم، بەڵام ئێستا لەقۆناغی ئامادەکاریداین.

*** گۆرانییەکت بۆ منداڵان پێشکەشــکرد و ســەرکەوتنێکی باشت بەدەست هێنا، ناتەوێ ئەو ئەزموونە دووبارە بکەیتەوە؟**

-دەمێکــە کارەکانی دانانی ئەلبومێکی تایبەت بەمنداڵان و بائەو نهێنییەت بۆ ئاشــکرا بکەم تائێســتاش زۆرجاران لــەزۆر ئاهەنگــدا خەڵك داوای دووبارەکردنەوەی گۆرانیی (شــاطر شــاطر و شخبط شــخابیط)م لێدەکەن بەواتایەکی دیکە گەورەکان زیاتر حەز لەو گۆرانییانە دەکەن.

*** دوای نانسی ٧، ئامادەکاری بۆ ئەلبوومی تازە هەیە؟**

-بەڵێ ئێستا خەریکم گوێ لەهەندێ کاری تایبەت دەگرم لەوانەیە ئەلبوومی نانسی ٨ی لێ بەرهەم بێت.

*** لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەتدا باســی وەرزشــت کرد ئایا حەز لەوەرزش دەکەی؟**

-بەڵێ من لەماڵەوە هۆڵی وەرزشــیم هەیە و پێموایە وەرزش بۆ تەندروســتی و پاراســتنی جوانیی لەش و ســەقامگیریی دەروونیی مرۆڤ باشە، بۆیە ئامۆژگاریی هەموو کەسێك دەکەم وەرزش بکات.

*** ئێســتا دەبینین هونەرمەندان بەرنامەی تەلەڤزیۆنی پێشکەش دەکەن، ئایا تۆش پێت خۆشە ئەم کارە بکەی؟**

-ئــەو پرۆژەیە جارێ لەمن دوورە، بەڵام هونەرمەنــدی زۆریش لەم بوارەدا ســەرکەوتن، لەوانەش هونەرمەند نەجوا کــەرەم لەبەرنامەی عەرەب گۆت تالنت.

*** بیستوومانە گرفت لەنێوان ئێوەو نەجوا کەرەم هەیە؟**

-نەخێر هیچ شــتی لــەو بابەتە نییە و من نەجوا کەرەمم زۆر خۆشــدەوێ و ئەویش کەســێکی زۆر خۆشەویســتە لەلای من و مرۆڤێکی ڕۆشنبیرەو لەبۆنەکاندا لەسەر یەك مێز دادەنیشین.

*** بیرت لە وێنەگرتنی ڤیدیۆ کلیپ کردووە لەعێراقدا؟**

-بۆ نا بەهەبوونی شــوێنی باش و توانای باش من ئامادەم و بێگومان دەیکەم.

*** لەماوەیەکی نزیکدا سەردانی بەغدا دەکەی؟**

-نازانم، بەڵام ئەگەر داوەتم ئاراستەکرا، بێگومان دوودڵ نابم.

*** داری شــەوی لەدایکبــوون چ واتایەکــی بۆتۆ هەیە، بەتایبەتــی کە تۆ یەکەمین کەس بــووی دارەکەت ڕووناك کردەوە لەناوەڕاستی بەیرووت؟**

-ئــەم دارە لای من واتــای دایك دەبەخشــێ، لای منیش دایك تاکە باوەشــە کەتیایدا بحەســێمەوە، من ئەو دارەم زۆر خۆشــدەوێ، چونکە مایەی گەشبینییە بۆ من و بەبینینی دڵخۆش دەبم.

*** ئەگــەر داوات لێکرا ئایا بەشــداری کاری خێرخوازی دەبی بۆ عێراق؟**

-بێگومان بەشــداری دەکەم و نەك تەنیا بۆ عێراق، بەڵکو بۆ هەمــوو جیهان، بەرلەوەی وەکو باڵیۆزی ئاشــتی هەڵبژێردرێم چەندین داوەتی لەمجۆرەم بۆ هاتووەو من بە ئەرکێکی مرۆیی دەزانم.

*** چ بەخوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەڵێی؟**

-بەر لەهەموو شــتێك سوپاســی تۆی بەڕێز دەکەم کە لە ســەرەتای گەشــتەکەوە لەگەڵمدابووی و سوپاســی گۆڤارە جوانەکەتان دەکەم و هیوای ســەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و داوا لەخوێنەرانی ئەم گۆڤارە دەکەم لەڕێگەی ئەم گۆڤارەوە موتابەعەی هەواڵەکانم بکەن.



# هەژار خەریکە کۆنـــــەکان نوێ دەکاتەوە



هونەرمەنـــدی لاو هەژار دهۆکی ســـەرقاڵی تۆمارکردنـــی گۆرانییەکی نوێی فۆلکلۆرییە بەناوی (یەك مەلیك) کە بەم زووانە لە کەناڵەکان بڵاودەبێتەوە.
لـــەم بارەیەوە هونەرمەند هـــەژار بە گوڵانی ڕاگەیاند: دابەشـــکردن و ئەرانجی گۆرانییەکە خۆم کردوومە و لەبەر ئەوەی پێویستمان بە هەندێك ئامێری موزیکی بوو لە دەرەوەی کوردســـتان بۆیە گۆرانییەکەشمان هەر لە دەرەوە تۆمار کرد و ماســـترینگی لە ســـتۆدیۆی دەنگ و ڕەنگ لەدهۆك ئەنجامدراوە، سەبارەت بە کلیپیش ستۆدیۆیەکمان بەکرێ گرت لەســـەر ئەرکی خۆم دەرهێنەری کلیپەکەش (ئەفشین)ـە کە لەدانیمارك بەتایبەت بۆ ئەو کلیپە هێنامان بۆ سوید و ئێستاش کلیپەکە لە قۆناغـــی مۆنتاژدایە و ئەکتەرەکانی

## هەیفا: دەبم بە جین فۆندا



گۆرانیبێژی لوبنانی هەیفا وەهبی لە پەیجی تایبەتی خۆی لەسەر تویتەر وێنەیەکی خۆی لەکاتی ئەنجامدانی وەرزش بڵاوکردەوە و لەسەر وێنەکەش نووسیبووی: من دوای ماوەیەکی کەم دەبم بە جین فۆندا، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ جین فۆندا کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو ناوبانگێکی زۆری دەرکرد دوای ئەوەی فیلمێکی بڵاوکردەوە دەربارەی ئەو وەرزشەی ئەنجامی دەدات بۆ پاراستنی توانای لەشی خۆی.
هەر سەبارەت بە وەرزش هەیفا رایگەیاند کەوا رۆژانە بەشێوەیەکی بەردەوام وەرزش دەکات و ئاویش زۆر دەخواتەوە و شەوانیش زۆر بە کەم خواردن دەخوا بەتایبەتی لەکاتی جەژن و بۆنەکاندا کە خەڵك لەو ماوەیەدا زۆر نان دەخوات.

## جیسیکا بێڵ تـووشـــــ



خانمە هونەرمەندی ئەمریکی جیسیکا بێل بڕیاریدا بەشداری لە فیلمێکی نوێدا بکات کە زیاتر لە روانگەیەکی مرۆڤدۆستییەوە دەبێت.
ئەم فیلمە نوێیەی جیسیکا بە ناوی Emanuel and the «Truth About Fishes
هەرچەند لە بواری بەرهەمهێنانییەوە لە ئاستێکی نزمدایە، بەڵام بەشداری کردنی جیسیکا تێیدا وەك پاڵەوان دەبێت نەك وەك دەموچاوێکی نوێ و هەوڵ دەدات زیاتر بەهرەو تواناکانی خۆی بسەلمێنێت، چونکە ئەم فیلمە روانگەیەکی مرۆڤدۆستی هەیە و باس لە ئافرەتێك دەکات کە ماوەیەك دوای لە دایکبوونی کوڕەکەی خۆی لە دەست دەدات بەمەش تووشی نەخۆشییەکی دەروونی دەبێت و بوکە شووشەیەك بە کوڕەکەی خۆی دادەنێت بۆ ئەوەی دڵنەوایی خۆیی پێبداتەوە و پێشبینی دەکرێت ئەم فیلمە یەکێك بێت لە فیلمە سەرکەوتووەکان بەهۆی چیرۆکەکەی کە زیاتر ڕەهەندێکی مرۆڤدۆستی هەیە.

بەشــدار بووش قوتابی هونەرە جوانەکانی شــاری یۆتۆبــۆری وڵاتــی ســویدن بەسەرپەرشتی کاك دڵشاد هەستیار.
هــەژار دهۆکی دەربــارەی هەڵبژاردنی ئەو گۆرانییە گوتــی: ئەمە یەکێکە لە گۆرانییە زۆر کۆنەکان لە تەمەنی منداڵیم زۆر گوێم لێدەبوو لەشــاری ورمیە کە لە شــایی و زەماوەنــدەکان دەگوترا، بۆمن کارێکی زەحمەت بوو کــە گۆرانییەکی لەو شێوەیە نوێ بکەمەوە، چونکە مانای زۆر لە وشەکانی قورســە، بەڵام من بە دوای ماناکانیــدا گەڕام و دوای ئەوەی بینیم کە پەیڤەکانی زۆر خۆشن بڕیارمدا ئەم گۆرانییە نوێ بکەمەوە بە ستایلێکی نوێەوە.

## ـی نەخۆشی دەروونی دەبێت



# چاوەڕێی ڕێژەی نەگۆڕ
# نەریمان بابان بن



بڕیــار وایــە بــەم زووانە ســیدییەکی نوێــی هونەرمەند نەریمان بابان بکەوێتــە بــازاڕەوە کە چەنــد گۆرانییەکــی هونەرمەنــد لەخــۆ دەگرێت.

هونەرمەنــد نەریمــان بابان لــە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان کە لەژمارەی داهاتوودا بەدرێژی بڵاودەکرێتــەوە گوتی: بەم زووانــە بەرهەمێکی نوێم بڵاودەبێتــەوە بەنــاوی (ڕێژەی نەگــۆڕ واتە٢٢ لەســەر ٧) ئەم بەرهەمە یەك ســاڵی لەتەمەنی من بــرد و لەڕووی مــاددی و مەعنەوییەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ منی هیلاك کرد، بەڵام خۆشبەختانە کارەکانــم تەواو کرد بەو جۆرەی کە خۆم دەمەوێ، هیوادارم خەڵکیش لە کوردستان بەو شێوەیە پێشــوازی لێبکەن بەجۆرێك ســاڵێك لە تەمەنی مرۆڤێك ڕەچاو بکەن کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی هونەری میللەتەکــەی تەرخان کردووە و دڵنیام کە خەڵکیش وشیارە و لەوە تێدەگا کە ئەرك و ماندوبوونی ســاڵێك لەتەمەن چەندە و لەبەرچاوی دەگرن.



## هونەرمەند مەڕوا محەمەد:

# هەندێک لەمیدیاکان ئەوەی ڕێز بێت بۆ ئافرەتی دانانێن

مەڕوا محەمەد یەکێکە لەو ئافرەتە هونەرمەندانەی کە لە بواری دراما و فیلم ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، مەڕوا لەساڵی ٢٠٠٠ چۆتە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و ساڵی ٢٠٠٥ پەیمانگای تەواو کردووە، بەشداری لەچەندین فیلم و درامادا کردووە لەوانە (نامەکانی ئەشرەف و ڕەیحانە و گەردەلول، وەسیەتنامە) و کورتە فیلمی (کراسی سوورە) لەدیمانەیەکدا بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** ئێوە وەك ئافرەت توانیوتانە بەكارە هونەرییەكان بەتایبەتی دراما، واقیعی ئافرەتی كورد نیشان بدەن؟**

- من وەكو خۆم تارادەیەك توانیومە واقیعی ئافرەتی كورد وەكو خۆی نیشان بدەم، بەڵام ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای ئەكتەرەكە و كار كردنیش بەبێ كەموكوڕی نابێت، بەو هیوایەی توانیبێتم ئەگەر كەمیش بێت، ئەو واقیعەم وەكو خۆی گەیاندبێت.

*** ئەكتەرە ئافرەتەكان پێویستییان بەچی هەیە بۆ ئەوەی بوونی خۆیان بسەلمێنن بەوشێوەیەی كە پێویستە؟**

- پێویستیان بەبوێری هەیە لەبواری هونەری، چونكە بەڕاستی بەربەستی زۆری دێتە بەردەم و دەبێ بەسەر هەموو ئەم كۆسپانەدا زاڵ بین بۆ ئەوەی بوونی خۆمان بسەلمێنین.

*** ئەی لەلایەن كۆمەڵگەوە پێویستیتان بەچی هەیە؟**

-لەلایەن كۆمەڵگەشەوە پێویستیمان بەپشتگیری خێزانەكان و دەوروبەرمان هەیە، سەبارەت بەخۆیشم، خێزانەكەم تا ڕادەیەكی زۆر هاوكارم بوون و پشتگیری زۆرم دەكەن.

*** بەشداریت لەچەند كاری جیاجیادا كردووە، كام دراما و كام ڕۆڵی خۆت پێ باشترە لەئەوانی تر و بۆچی؟**

- من هەموو كارەكانی خۆم خۆشدەوێت، بەڵام ئەوەی كە زیاتر پێی ناسرام لەناو خەڵك زنجیرە درامای (گەردەلوول) بوو، بەڵام لەبەشی داهاتووی (گەردەلوول)دا بەشداریم نەكردووە.

*** بۆچی؟**

- چونكە سیناریۆكە وایە.

*** هونەرمەندانی هەموو ژانرە هونەرییەكان گلەیی لەحكومەت دەكەن، ئایا پێتوایە حكومەت جیاوازی كردووە لەگرنگیدان بەژانرە هونەرییەكان؟**

- بێگومان وەكو پێویست نییە و ئەوەی مەبەستیان بێت گرنگی زیاد لەپێویستی پێ دەدەن.

*** كەواتە جیاوازی هەیە، ئەگەر هەیە پێتوایە هۆكارەكانی چین؟**

- منیش بۆخۆم نازانم هۆكارەكان چین، من كەسێك دەناسم چیم بوێت بۆم دەكات، واتە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ناسین.

*** ئایا میدیاكان بۆ گەیاندنی پەیامی هونەری گرنگی بەئافرەتە هونەرمەندەكان دەدات، یان تەنیا بۆ ڕاكێشانی سەرنجی خوێنەرە؟**

- لەگەڵ ڕێزم بۆ میدیاكان زۆربەیان تەنیا بۆ سەرنجڕاكێشانی خوێنەرە، و ئەوەی ڕێز بێت بۆ ئافرەتی دانانرێت.

*** بەڵگەت هەیە بۆ ئەم قسانە؟**

- بەڵێ، چونكە لەگۆڤارێكی مانگانەی كۆمەڵایەتی گشتیدا چاوپێكەوتنێكیان لەگەڵ مندا ئەنجامدا، بەداخەوە چەند وشەیەكیان بەناوی منەوە نووسی كە قسەی من نییە، دوای ئەوە بەچەند وشەیەك داوای لێبوردنیان لێكردم وەكو گاڵتە پێكردنێك وابوو.

*** بەڕای تۆ بۆچی ئافرەتە ئەكتەرەكانمان بەشداری لەڤیدیۆ كلیپ و ڕیكلام ناكەن؟**

- پێموایە تا ئێستا ئافرەتە ئەكتەرەكانمان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بەشداری بكەن لەبوارێكی تردا، جگە لەبواری نواندنی شانۆ و سینەما.

*** ئەگەر داوا لەتۆ بكرێت لەڕیكلام یان كلیپێك بەشدار بی، ڕازی دەبی یان نا و بۆچی؟**

- تا ئێستا بیرم لێ نەكردۆتەوە.

***بیرت لێنەكردۆتەوە یان داوات لێنەكراوە؟**

- نەخێر داوام لێكراوە بەشداری لەڕیكلام و كلیپدا بكەم، بەڵام من خۆم ڕازی نەبووم بەشداری بكەم.

*** چی دەڵێی بۆ ئەو هونەرمەندانەی لەدراماوە ڕوو لەگۆرانی دەكەن؟**

- بەڕای من هونەرمەند لەیەك بواردا كار بكات زۆر باشترە، چونكە هونەرمەند ناتوانێت زیاتر لەبوارێكدا كار بكات، ئەگەر بشتوانێت، ئەوا كارەكە بكات ناتوانێت بەباشی پێشكەش بكات و كەموكوڕی زۆری دەبێت.

*** ئایا فیستیڤاڵەكانی توندوتیژی دژ بەمێینە ئامانجی خۆی بەدیهێناوە؟**

- هیوادارم گرنگی زیاتر بەم فیستیڤاڵانە بدرێت بۆ ئەوەی ئەگەر هیچ نەبێت كەمێك لەئامانجەكانی بپێكێت.

*** شانۆ و دراما چ جیاوازییەكیان بۆ تۆ هەیە؟**

- جیاوازیان زۆرە، چونكە لەشانۆدا ئەكتەر ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی جەماوەر دەبێتەوە، بەڵام لەدرامادا بەو شێوەیە نییە، بۆیە جیاوازی زۆرە.

*** چی دەڵێی بۆ ئەو هونەرمەندانەی بواری دراما كە بەشداری لەدۆبلاژكردنی زنجیرە بیانییەكاندا دەكەن؟**

- دەستیان خوش بێت هیوام وایە كۆمەڵەیەك دابمەزرێت كە كاریان تەنیا دۆبلاژكردن بێت.

***بەڵام پێتوانییە ئەگەر ئەو ئەركەی خۆیان لەدرامای كوردیدا سەرف بكەن باشتر نییە؟**

- بێگومان ئەگەر ئەو ئەرك و توانایەی خۆیان لەدرامای كوردیدا سەرف بكەن زۆر باشترە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە شارەزای كەلتوری وڵاتان بین.

*** پێتوایە گرفتی دراما و شانۆی كوردی لەچیدایە؟**

- ئەم گرفتە بۆ كەمی دەرهێنەر و سیناریستی باش و كەمی ئەكتەر دەگەڕێتەوە، ئەمە لەلایەكی دیكەوە لەڕووی ماددیشەوە بەباشی هاوكاری ناكرێن، ئەمانە هەموویان گرفتن و كاریگەرییەكی سلبییان دەبێت لەسەر پێشكەوتنی هونەری كوردی.

***لایەنە سلبی و ئیجابییەكانی ڕەیحانە چیبوون؟**

- بێگومان هەموو كارێكی هونەری لایەنی سلبی و ئیجابی هەیە و هیچ كارێك سەد دەر سەد تەواو و بێ كەموكوڕی نابێت.

***دایكایەتی لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- دایكایەتی بەنرخترین سەروەتە خوا پێی بەخشیوم.